# پرۆژەی (چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق)

**سەرپەرشتیار:** بەختیار حاجی عبداللە.

**رۆژی دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١/٢٤.

**رۆژی کۆتاییهاتن:** ٢٠٠٥/١/٣١.

**ناوچەی چالاکیی:** پارێزگای سلێمانی.

**بەشداران:** (٢٢) خۆبەخش لە مامۆستاو خوێندکاری زانکۆ.

## پوختەی پرۆژەکە:

پرۆژەکە بریتیبوو لە چاودێریکردنی (هەڵبژاردنەکانی عێراق) لە لایەن رێکخراوە ناحکومییەکانەوە بە سەرپەرشتی (تۆڕی زانیارییەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق) کە بە (تۆڕی چاو) ناسراوە.

## چالاکییەکانی پرۆژەکە:

- کردنەوەی خولێکی راهێنانی دوو رۆژی بۆ چاودێرەکان سەبارەت بە چۆنێتی چاودێریکردنی هەڵبژاردن، خولەکە لە رۆژانی (٢٤- ٢٠٠٥/١/٢٥) بوو.
- بەشداریکردن لە پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە رۆژی (٢٠٠٥/١/٣٠)دا.
- ئامادەکردنی راپۆرت سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەو بەرزکردنەوەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار، لە رۆژی ٢٠٠٥/١/٣١)دا.
- دابەزاندنی زانیاریی ناو سەرجەم فۆرمەکانی چاودێران لە پارێزگای سلێمانی بۆ ناو کۆمپیوتەر کە (٥٢٣) فۆرم بوون، لە لایەن کارمەندی ناوەند (هیوا أحمد درویش)ەو بەرزکردنەوەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

## ناوچەی بنکە چاودێریکراوەکان لە لایەن ناوەندەوە:

١-پێنج (٥) بنکە لە چەمچەماڵ.

٢-هەشت (٨) بنکە لە چوارقوڕنە.

٣-نۆ (٩) بنکە لە سلێمانی.